ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

وانەی (٣٣)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پڕۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ئیشایا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (ئیشایا ١، 2 ، 3 ، 4)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما 10: 9- 10

(دوو باوەڕدار پێکەوە) پێداچونەوە بکەن . ڕۆما 10: 9- 10.

"نمونەی وەستای هەڵەشە" لە لۆقا ١٤: ٢٨- ٣٠ ،

وە "نمونەی پاشای گەمژە " لە مەتا ١٤: ٣١- **٣٣** تایبەتن بە **قوتابیکردن لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە ڕێبەری ڕێنماییەکانی شەشەم و لێکۆڵینەوەی نمونەکان دا دەخوێنین (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

أ. نمونەی وەستای هەڵەشە

لۆقا 14: ٢٥- ٣٠ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆقەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

قوللە یان قەڵا .

دەشێ ئەم قوللەیە وەك قوللەیەك بۆ چاودێری کردن یان لە شوێنی کۆکردنەوەی دانەوێلّە دەچێت ئیشایا ٥: ٢ یان خانوەیەکی تەواو بوە لە نێو کێڵگەدا .

بڕی تێچوون .

هەموو کەسانی بازرگانی کارامە بڕی تێچوونی هەر پرۆژەیەك لەبەرچاو دەگرن پێش ئەوەی دەستی پێبکەن .

هەموو ئەوانەی دەیبینن .

هەمیشە بینەران ئامادەن بۆ گاڵتەو نوکتەو فشەپێکردن و سوکایەتی کردن بەو کەسەی کە دەکەوێت یان دەدۆڕێت .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٤: ٢٥- ٢٧ .

عیسا لە ڕێگایدا بوو بۆ ئۆرشالیم لۆقا ٩: ٥١ بە بیریەدا ئیدی قسەی بۆ خەڵکێکی زۆر دەکرد لەبارەی بە قوتابی بوونەوە .

دەبێت هەموو باوەڕدارێکی ڕاستەقینە ببنە قوتابی .

کردار ١١: ٢٦ ئاماژە دەکات بۆ قوتابیەکان کە یەکەمجار لە ئەنتاکیا بە مەسیحیەکان ناوبران . عیسای مەسیح جیاکاری دەخستە ڕوو لە نێوان قوتابی ڕاستەقینەو ئەوانەی بە ڕاستی قوتابی نەبوون یۆحەنا ٦: ٦٠- ٦٩ ؛ کردار ٩: ٢٦؛ ١٣: ٤٨- ٥٢ .

وە هەندێ لەو باوەڕدارانە یان قوتابیانە تا ئێستاش پێگەیشتوو نین و بوونە هۆی پەرت وبڵاوی دوبەرەکی لە نێوان خۆیاندا کردار ٦: ١- ٢ بەڵام قوتابیەکانی تر و باوەڕدارانی تر پێگەیشتوون وەکو تیمۆساوس کردار ١٦: ١- ٢ ئیدی عیسای مەسیح بە ڕوونی فێرمان دەکات لەبارەی نیشانەکانی قوتابی بە دیاری کراوی لە ئینجیلەکاندا مەتا ١٠: ٢٤- ٢٥ ؛ ١٣: ٥٢ ؛ مەتا ٢٨: ١٩- ٢٠ ؛ لۆقا ٦: ٤٠ ؛ ١٤: ٢٦- ٢٧ ، ٣٣ ؛ یۆحەنا ٨: ٣١- ٣٢ ؛ ١٣: ٣٤- ٣٥ ؛ ١٥: ٥- ٨ . وە ئامانجی عیسای مەسیح ئەوەیە کە هەر کەسێك باوەڕی پێی هەبێت گەشە دەکات بە نیعمەتی خودا و ئەو نیشانانەی قوتابی دەبێت .

ئەو قوتابیەی شوێنکەوتەی عیسای مەسیحە .

عیسا جۆرەها خەڵکی بانگ کرد تاکو ببنە قوتابی ئەو ئیدی پێی دەوتن وەرن وببینن یان دوام کەون ، یۆحەنا ١: ٣٥- ٥١ ؛ لۆقا ٥: ١- ١١ ؛ مەرقۆس ٣: ١٣- ١٥ .

قوتابی فێرکراو لەلای عیسای مەسیح .

قوتابی بە بینین وگوێگرتن و چاولێکردن فێر دەبێت یۆحەنا ١٣: ١٣- ١٥ ؛ مەتا ٤: ٢٣ ؛ کردار ٤: ١٣ ؛ فیلیپی ٤: ٩- ١٢ .

یەکەم نیشانەی قوتابی بوونی ڕاستەقینەی عیسا ئەوەیە ڕقیان لێی بێت .

ئەمەش واتە بەتەواوەتی قوتابی ڕاستەقینەی عیسای مەسیحە بەپێی ئایەتی ٢٦ ، دەبێت قوتابی ، خێزانەکەی و ژیانی ڕەتبکاتەوە تاکو ببێتە قوتابی عیسای مەسیح ، ئەمەش بەو واتایە نیە کە ئێمە دەبێت ڕقمان لە دایکو باوکمان بێت و ڕقمان لە خێزانەکانمان بێت بەو واتایەی خۆشمان نەوێن یان وازیان لێ بهێنین وفەرامۆشیان بکەین چونکە کتێبی پیرۆز فەرمان دەکات بە باوەڕداران کە بایەخ بدەن بە دایکوباوکیان و هاوسەرەکانیان خۆش بوێ ومندالّەکانیان بەخێو بکەن و تەمێیان بکەن بەڵکو هەروەها فەرمانیشیان پێدەکات کە خزمەکانیشیان خۆش بوێ وەك چۆن خۆیان خۆش دەوێ .

وشەی ڕق لێبونەوە ئاماژەیە بۆ باشتر زانینی ئاستی شتێکی دیاریکراو کەمێك زیاتر لەوانی تر وەك چۆن لەبەشەکەدا دەیبینین لە مەتا ١٠: ٢٧ هەروەها بڕوانە کۆلۆسی ١: ١٨ .

نیشانەی دوەم بۆ قوتابی ڕاستەقینەی عیسا ئەوەیە خاچەکەی هەڵبگرێت.

لۆقا ١٤: ٢٦- ٢٧ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٤: ٢٨- ٣٠ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە نەدراوە لە دەقەکەدا .

دەبێت لە چوارچێوەی نمونەکە تێبگەی ، دەبێت باوەڕدار زانیاری ڕاستەقینەی هەبێت لەبارەی تێچوونی نرخی قوتابی بوون پێش ئەوەی کاربکات و دەست بکات بە ڕۆیشتن لەگەڵ عیسادا.

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە

خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

بزانە .

عیسا هیچ واتایەک یان خاڵێک یان بنەمایەکی نەداوە لەم نمونەیەدا بۆیە دەبێت ڕاڤەی وردەکاریەکان بەپێی چوارچێوەی نمونەکە بێت.

دروستکردنی قوڵە .

ئەم بنەمایە گرنگە لە نمونەکەدا ، دروستکردنی قوڵە پرۆژەیەکی گەورەیە و پارەی زۆری دەوێ وکات و گوێڕایەڵی دەوێ لەم چوارچێوەدا دروستکردنی قوڵە ئاماژەیەکە بۆ قوتابی مەسیح ، چونکە کاتێ مرۆڤ بڕیار دەدات ببێتە قوتابی مەسیح بڕیارێکی گرنگە وە دەکرێ ئەم بڕیارە کاریگەری بکاتە سەر لایەنی دارایی وە پەیوەندی دایکوباوکی و خێزانی و منداڵی و براو خوشکی وە ئاراستەی ژیانت بەتەواوەتی بگۆڕێ !

خەملاندنی بڕی تێچوون یەکەمجار بۆ ئەوەی پێشبینی ئەوە بکات ئایا دەتوانێ کارەکە تەواو بکات یان .

ئەم بنەمایەش گرنگە هەروەها لە نمونەکەدا ، چونکە خاڵێکی سەرەکیە ، ئەمە پەیامی سەرەکیە کە نمونەکە دەیەوێ بیگەیەنێ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی وەستای هەڵەشە لە لۆقا ١٤ : ٢٨ - ٣٠ فێرمان دەکات لەبارەی قوتابی بوون لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە کە چۆن بیردەکاتەوە لەبارەی تێچوونی بەقوتابی بوونی ، وە دەبێت بزانێ کە ئەو نرخی تێچوونی هەیە پێش ئەوەی ببێتە قوتابی ، وە دەبێت پێش ئەوەی باز بدات ببینێت .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگادار بە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چیمان فێردەکات سەبارەت بەو ڕاستیەی ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

مەتا ٦ : ٢٥ - ٣٤ .

نرخی تێچوونی قوتابی بوون ئەوەیە کە یەکەمجار داوای پاشایەتی خوداو ڕاستودروستیەکەی بکەین ، داواکردنی پاشایەتی خودا و هەوڵ دان بۆی

زیاتر لە داواکردن و هەوڵدان بۆ شتە ماددییەکان وەکو خواردن وخواردنەوەو پۆشاك .

مەتا ١٠: ٣٧- ٣٩ .

نرخی تێچوونی قوتابی بوون ئەوەیە مرۆڤ عیسای مەسیحی زیاتر خۆش بوێ لە دایکوباوکی و منداڵەکانی ، ئەمەش ئامادەبوونە کە قوربانی بدات و خۆی تەرخان بکات وە هەڵبژاردەیەکە بۆ ئەوەی ژیانی خۆی پێشکەش بە عیسای مەسیح بکات و شانشینیەکەی مەسیح بڵاوبکاتەوە .

مەتا ٧: ١٤؛ یۆحەنا ١٦: ٣٣؛ ٢تیمۆساوس ٣: ١٢ .

دەبێت هەموو کەسێك نرخی تێجوونی قوتابی بوون بیر لێبکاتەوە پێش ئەوەی پەیوەست بێت بە قوتابی بوونی بڕوانە عیبرانیەکان ٦: ٤- ٨ ؛ ١یۆحەنا ٢: ١٩ ؛ یۆحەنا ٦: ٧٠- ٧١ ؛ ٢تیمۆساوس ٤: ٨، ١٠ ؛ مەتا ٧: ٢٢- ٢٣ ؛ یۆحەنا ٦: ٦٦ ؛ مەتا ١١: ١٢ ؛ یۆحەنا ١٠: ٢٧- ٢٨ ؛ فیلیپی ١: ٦ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ١٩ ؛ پەندەکان ٢٤: ١٦ ؛ لۆقا ٢٢: ٣١- ٣٢ ؛ یۆحەنا ٢١: ١٥- ١٧ .

ب. نمونەی پاشای گەمژە

لۆقا ١٤: ٣١- ٣٣ بخوێنەوە .

١. سروشتی چیرۆکی نێو نمونەکە تێ بگە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو بنەمایانە کامانەن چیرۆکەکە لە خۆی دەگرێت ؟

تێبینیەکان .

پاشاکان جەنگ بەرپا دەکەن .

چیرۆکی پاشاکان ئەوانەی جەنگیان بەرپا کردوە کتێبەکانی مێژوویان پڕ کردوە لە جیهاندا.

بیرکردنەوە لە دەرئەنجامی جەنگەکە .

ئەمە کاری سەرەکی پاشا و سەرکردەکانیەتی پێش ئەوەی جەنگ ڕابگەیەنن بەسەر پاشایەتیەکی تردا ، بەتایبەتی ئەگەر بزانێ دوژمنەکەی لە ڕووی ژمارەوە لەوان زیاترن ، ئەو کات ناچار دەبێت بڕیارێك بدات یان جەنگەکە بدۆڕێنێت یانیش هەوڵی ئاشتی بدات .

ناردنی شاند و داواکردنی بەیەک گەیشتن وڕێکەوتنی ئاشتیانەو ئاشتەوایی .

ئەم بڕیارە زۆرباشترە لە بڕیاری جەنگ لە بارودۆخی وەهادا چونکە دەرئەنجام دۆڕاندنەو ئیدی ناتوانێ لێی دەرباز بێت .

٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٤: ٢٥- ٣٠ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٤: ٣١- ٣٢ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە کە هاتوە لە لۆقا ١٤: ٣٣- ٣٥ .

جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە خۆی لە چیرۆکەکەدا دەبینێتەوە : ئەگەر مرۆڤ بیەوێ شتێك بکات دەبێت ژیرانە بیکات وبیربکاتەوە لەوەی دەیکات ئەگەر بینی سەرکەوتوو نابێت دەبێت هەوڵی ئاشتی و ئاشتەوایی بدات !

ئەمانەی خوارەوە لە فێرکردنەکانی عیسای مەسیحن لەبارەی قوتابی بوون وەك چۆن لە نمونەکەدایە :

نیشانەی سێ یەم بۆ قوتابی بوونی مەسیح ئەوەیە واز لە هەموو شتەکانی بهێنێت . ئایەتی ٣٣ .

دەبێت ئامادە بێت واز لە هەموو شتێك بهێنێ تاکو دوای عیسا بکەوێت .

نیشانەی چوارەم بۆ قوتابی بوونی مەسیح ئەوەیە وەکو خوێ بێت .

ئایەتی ٣٤- ٣٥ . هەروەها بڕوانە مەتا ٨: ١٢؛ ٢١: ٤٢- ٤٤ ؛ مەتا ١٢: ٣٢ ؛ عیبرانیەکان ٦: ٤- ٦ ؛ ١٠: ٢٦- ٣١ ؛ لۆقا ١٤: ٣٥؛ بینین ٢: ٧ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینەکان .

عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراوی نەداوە بە وردەکاریی نمونەکە ، بۆیە دەبێت ڕاڤەی وردەکاریەکان لە چوارچێوەی نمونەکەدا بێت .

ئەو پاشایەی دەیەوێ جەنگ بەرپا بکات لە دژی پاشایەکی تر .

ئەم بنەمایە گرنگە لە نمونەکەدا . چونکە بەپێی چوارچێوەکە پاشا وێنەیەکە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ ببێتە قوتابی مەسیح بەڵام دوەم پاشا ئەوەیە کە سوپایەکی مەزنی هەیە ئەویش مەبەست لە عیسای مەسیحە .

پێویستە پاشای یەکەم بیر بکاتەوە ئایا دەتوانێ بجەنگێ لە دژی پاشای دوەم.

ئەم بنەمایەش هەروەها گرنگە چونکە خاڵی سەرەکیە و پەیامی سەرەکی نێو نمونەکەیە ، دەبێت هەر پاشایەك یان سەرکردەیەکی سەربازیی پلانی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبونەوە پێش ئەوەی جەنگ ئەنجام بدات ئامانج لەم نمونەیە فێرکردنرر بۆ هەر مرۆڤێک کە بەرپرسیارە لە بیرکردنەوە لەوەی ڕووەدات ئەگەر ڕەتی کردەوە ببێتە قوتابی مەسیح لەسەریەتی بیربکاتەوە کە عیسای مەسیح و سوپای فریشتەکانی زۆر بەرابەر بەهێزترو زیاترە لە هێزو ژمارەو توانای ئەو ، بڕوانە بینین ١٧: ١٢-١٤ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی پاشای گەمژە لە لۆقا ١٤: ١- ٣٣ فێرمان دەکات لەبارەی قوتابی بوون لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لەو بڕیارەی دەیدات کە ببێتە قوتابی مەسیح وە دەبێت بیر بکاتەوە لە پلانەکانی و هەنگاوەکانی ئەمەش باشترە .

بڕوانە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ ؛ گەڵاتیە ٥: ١٧ ؛ یۆحەنا ١٥: ١٨ ؛ ئەفەسۆس ٦: ١٢ ؛ پەیدابوون ٤: ٧ ؛ ١یۆحەنا ٢: ١٥- ١٧ ؛ لۆقا ٨: ١٤ ؛ ١پەترۆس ٥: ٨ ؛ بینین ٣: ٢٠ . هەموو ئەمانەش هانمان دەدات بڕیار بدەین وە دەبێت هەڵبژێرین ! بەقوتابی بوون یەکێکە لە نیشانە سەرەکیەکان کە پێناسەی شانشینی خودای پێدەکرێت .
٢کۆرنسۆس ٥: ١٧- ٢٠ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چیمان فێردەکات سەبارەت بەو ڕاستیەی ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

لۆقا ١٢: ٥٧- ٥٩ .

باشترین ستراتیژی قوتابی بوون ئەوەیە کە مرۆڤ بۆخۆی حوکم بدات کامە باشەو تەواوە تایبەت بەو بابەتانەی پەیوەندیدارە بە دادگاوە .

لۆقا ١٣: ١- ٥ .

باشترین ستراتیژی قوتابی بوون تۆبەکردن و باوەڕە بە عیسای مەسیح پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ ! .

٢کۆرنسۆس ٦: ٢ .

باشترین ستراتیژی قوتابی بوون ئەوەیە بڕیاری دەستبەجێ بدرێ و بەبێ دواکەوتن ودرێژکردنەوە . ئەمڕۆ ڕۆژی ڕزگاریە !

لۆقا ١٩: ٢٠- ٢٤ .

باشترین ستراتیژی قوتابی بوون ئەوەیە واز لە هەموو ئەو شتانە بهێنێ کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم شوێنکەوتنی بۆ عیسای مەسیح لە بەقوتابی بوونیدا ! پەندەکان ١: ١٠- ١٥ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٥- ٧ .

لۆقا ١٤: ٣٤- ٣٥ ؛ ٢كۆرنسۆس ٢: ١٤- ١٦ ؛ ٣: ٢- ٣.

باشترین ستراتیژی قوتابی بوون ئەوەیە باوەڕدارێك بێت كاریگەری هەبێت لەسەر كۆمەڵگەكەی .

ج. كورتەی فێركردنە سەرەكیەكانی ئەم نمونانە لەبارەی قوتابی بوون لە شانشینی خودا .

ئەو نمونانەی تایبەتن بە بابەتی قوتابی بوون لە شانشینی خودا ئەمانەن:

نمونەی وەستای هەڵەشە ، كە لە لۆقا ١٤: ٢٨- ٣٠ دا هاتوە ؛

نمونەی پاشای گەمژە ، كە لە لۆقا ١٤: ٣١- ٣٣ دا هاتوە ؛

وە نمونەی دەست لەسەر گاسن دانان ، كە لە لۆقا ١٩: ٥١- ٦٢ دا هاتوە ، بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەكانی ١١ پاشكۆی ٣ .

گفتوگۆی لەبارەوە بكە : ئەو پەیامە سەرەكی و فێركردنانە كامەن نمونەكە پێشكەشی دەكات تایبەت بە شایەتیدان لە شانشینی خودا ؟ عیسای مەسیح چی لێمان دەوێ كە بیزانین و باوەڕمان پێی هەبێت ، وە دەیەوێ ئێمە چی بین و چی بكەین ؟

تێبینیەكان .

دەبێت باوەڕداران ببنە قوتابی مەسیح ئەمە باوەڕدارێتی ڕاستەقینەیە .

دەبێت بڕی تێچوونی نرخی قوتابی بوونت بژمێری .

دەبێت هەڵبژێری لە نێوان ئەوەی لەگەڵ مەسیح بیت و بۆئەو بیت یان دژی دەبیت .

دەبێت هەموو ڕۆژێك قوتابی مەسیح بیت لە ڕۆژگارەكانی ژیانتدا.

ئەم سێ نمونەیە پێکەوە فێر دەکات کە قوتابی بڕی تێچوونی هەیە وە دەبێت بڕیار بدات سەبارەت بە قوتابی بوونی وە دەبێت پەیوەست بێت بە بەردەوام بوونی و ڕوانینی بۆ پێشەوە و شوێنکەوتنی عیسای مەسیح !

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەكانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بكەن ، نوێژێكی كورت ئەوە دەربخات كە ئەمڕۆ فێربوون . یان كۆمەڵەكە بكە بە دوو یان سێ كۆمەڵ و نوێژێك بكەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت كە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەركی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری كۆمەڵەكە . ئەركی داهاتوو بدە بە ئەندامانی كۆمەڵەكەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بكە لە پەڕاوەكانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی كڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێركردن ، یان وانە دابەشكردن (لەگەڵ كەسێكی تر یان لەگەڵ كۆمەڵێكدا) فێركردنی پەیوەست بە نمونەی " وەستای هەڵەشە" وە " نمونەی پاشای گەمژە" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ئیشایا ٥، ٦ ، ٧ ، ٨. باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .